پیاوێک لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەدەستی چەپی خواردنی دەخوارد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «بە دەستی ڕاستت بخۆ

لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەدەستی چەپی خواردنی دەخوارد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «بە دەستی ڕاستت بخۆ»، ئەویش ووتی: ناتوانم، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: «هەر نەتوانیت»، هیچ شتێک ڕێگری لێنەکرد جگە لە خۆبەگەورەزانین نەبێت، بۆیە چیتر نەی توانی دەستی ڕاستی بەرز بکاتەوە بۆ دەمی.

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیاوێکی بینی بەدەستی چەپی خواردنی دەخوارد، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکرد بەوەی بەدەستی ڕاستی خواردن بخوات، پیاوەکە بە لوت بەزی ودرۆوە وەڵامی دایەوە بەوەی ناتوانێت ! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای لێکرد بەوەی بێبەش بکرێت لە خواردن بەدەستی ڕاست، خوای گەورە وەڵامی پێغەمبەری دایەوە ودەستی ڕاستی گۆڕ بوو، لەپاش ئەمە نەیدەتوانی دەستی ڕاستی بە خواردن وخواردنەوە بەرز بکاتەوە بۆ دەمی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3372